## غەڵبەغەڵبی فەسلەفی



مەحەمەد قادر

# غەڵبەغەڵب

هەرچەندە ئەوە ٦٣ ژمارەیە لەم گۆشەیەدا ئەیغەڵبەغەڵبێنم، بەلام ئەمجارە بەم بەزمەی تورکیادا ناونیشانی گۆشەکەم پێ باش بوو بۆ ئەم ژمارەیە، غەڵبەغەڵب عادەتەن کلتووری باوی رۆژهەلاتە و هەتا هەتایە لێی دەرباز نابین! بۆ نموونە: کە منداڵێکی جوانکیلە بە هەزار فەلاکەت زمان ئەگرێ، یەکسەر باوک و دایکی پێی ئەڵێن، ئەم غەڵبەغەڵبەت لەچییە خەپەگیان! کاتێک کە مرورێکی بەستەزمان داوای سەنەوی لە مۆنیکایەکی بێ رەقەم دەکات، سایەقەکە پێی دەڵێ: لاچۆ.. غەڵبەغەڵب مەکە با نەوکووتم! زۆرجاریش کە ساحیب مولیدەکە ئەمپێرۆڤۆڵتییەت لێ ئەماشێتەوە، کە داوای چاککردنی ئەکەیت، پێت ئەڵێ: غەڵبەغەڵب مەکە با ئەویشت لێ نەبڕم! هەنێ جاریش کە بە شارەوانی ئەڵێت: بۆچی خزمەتگوزاریمان بۆ ناهێنن، لە ئیستعلاماتەوە پێت ئەڵێن: غەڵبەغەڵب مردوومرێ! زۆر وەقتیش کە موناقەشەی مەنسولێکی کۆڕگێڕ دەکەیت، پێت دەڵێ: ئەو غەڵبەغەڵبە راگرە با تێی بگەم!

لە سیاسەتیشدا کە داوای کەرکوک بکەیتەوە، حکومەتی عێراق پێت ئەڵێن وەختی ئەم غەڵبەغەڵبە نییە! بەلام لە هەموو ئەمانە غەڵبەغەڵبتر ئەو غەڵبەغەڵبەی تورکیایە زۆر نا ماقوڵانە دەیکات، کەچی یەکێ نییە پێی بڵێ بەسە غەڵبەغەڵب!!












عەلی دەروێش

**ریپۆرتاژی ئەم ژمارەیە**

**ژن کوشتن**

## پاڵە خەوتوو

**باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە**

ئەمە نیوە رستەی گۆرانیەکی خۆش ودێرینی کوردییە کە لەگەڵ گوێبیست بوونی تەزووی سەدان یادگاری دێ بەگیانی مرۆڤدا،مەقسەدیش لێی ئەوەیە جاران وڵات هەر یەک باخچەی لەو جۆرەو یەک پاشای هەبووە،وەکو ئێستا نەبووە هەر شارەو قەزاو ناحیەیەک سەدان باخچەی لەو جۆرەو دەیان پاشایان تێدایە!! نەک لەوبەر بگرە لەهەردوو بەرەکە باخچە هەیەو،مەگەر شەوانە خەڵکی بخەوێ چاوی لە بینینی ئەو باخچەی پاشایانە ئیسراحەت بکات..

زۆر شتی تریش لەم بەر وئەو بەرێ هەن، مەسەلەن:

بەنزینخانە لەوبەر جادە،سەیارەی مەسئول دەورەی داوە،کۆبۆن لای ئەو باوی نەماوە،سەرە گرتنیش خەیاڵی خاوە،یاخود.. خزمی وەزیر لەو دائیرەیە،هەردەم بە بۆڵەو قیرە قیرەیە،کۆمەڵێ مووەزەف دەورەیان داوە،مناڵە.. بە برا گەورە ناویان لێ ناوە،هەروەها.. ئەو گەڕەکەی بەری ئەوبەرێ،مەنتیقەی خەزرا لە دەوری گەڕێ،کانیەکەی بە عەکسی ئەمبەرێ،ئاوی لە خوارێ ئەچێ بۆ سەرێ،یان.. موستەشارێکی ئەو وەزارەتە،هێندە زیرەک وبە بلیمەتە،لە بێ ئیشیدا زۆر بە هیممەتە!! یاخود...لەو کۆلیژەی دەوامی شەوێ، کە بەرۆژ دەکا وەنەوزو خەوێ،مەسئولی تەمبەڵ لە دەوری گەڕێ، بێ دەوام کردن ئیمتحان دەکرێ!!

rebwaridris@yahoo.com












## بڕوا بکە

**سمێڵ بابڕ**

دەڵێن : لەکوێرە گوندێکی ئا ئەم کوردستانە حەیاتەی خۆمان ڕۆژێک کەتە زەلامێک عەفوەن (زرتە پیاوێک) سێ بەسێ تەڵاقی خوارد بوو کە جگەرە نەکێشی. جا دوای عەیامێک لەپاڵ مزگەوت سەری کردبوو. لەپڕ خەبەرێکی عاجلیان بۆ هێنا کە ژنەکەت مردووە.. ئەمیش لەبری خەفەت کەوتە سەماکردن و دەیووت: ئۆخەی ئۆخەی جگەرەم بەنێ ئەو سەهوەی کە کردم جارێکی تر نایکەمەوە).. مەبەستی تەڵاقەکە بوو کە جاری تر نەیخوا.. بەڵام عیلمی تازە لەڕۆژی ٥/٣١ کە ڕۆژی جیهانییە بۆ نەهێشتنی جگەرەکێشان. دوو سوودی جگەرەی بۆ دەرکەوت(یەکیان جگەرە قژسپی ناکا.. چونکە پێش ئەوەی پیربێ وقژی سپی بێ کابرا دەمرێ). (دووەمیان جگەرەکێش دزی لێناکرێ، چونکە دائیم ئەکۆکێ وخەوی نایەو بۆیە دز دایمە ترسی هەیە بچێتە سەری.